قەدەغەی هاتووچۆ لەنێوان پارێزگاکان سبەی هەینی بەردەوام دەبێت

کۆمەک پێش ئێستا، لێژنەی باڵای سەرژمێری لە عێراق رایگەیاند، قەدەغەی هاتووچۆ لەنێوان پارێزگاکان سبەی هەینی بەردەوام دەبێت، لێنەو شارەکانیش کاتژمێر 12ـی ئێمشەو پێنجشەممە - هەینی کۆتایی دێت. جێی باسکردنە، لە کاتژمێر 7:00ـی بەیانی دوێنێ چوارشەممەوە پرۆسەی سەرژمێری دانیشتووان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستپێکرد و لە پرۆسەکەدا زیاتر لە 130 هەزار بژمێر بەشدار دەبن و چەند پرسیارێک لەبارەی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان دەکەن.

هەروەها ئەمڕۆ پێنجشەممە لە سەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستان پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتووان بەردەوام بوو و بەیارەی سبەی هەینیش درێژەی هەبێت.